Research Center



# تشرینی پەرلەمان و تشرینی شەقام

03-11-2021

### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** یەکەمجارە لە پاش 2003وە، گرووپێك کاندیدی سەربەخۆ (تاك)، کە خۆیان بە نوێنەری خۆپیشاندەرانی تشرینییەکان یان پاڵپشتی ئەم رەوتە نارازییە دەزانن، سەرکەون بۆ پەرلەمانی عێراق. ئەم نوێنەرایەتییە نوێیە کە هێشتا قەبارەی کۆتایی یەکلایی نەبووەتەوە یەکێکە لە پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی بەردەم خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق

یاسین تەها

یەکەمجارە لە پاش 2003وە، گرووپێك کاندیدی سەربەخۆ (تاك)، کە خۆیان بە نوێنەری خۆپیشاندەرانی تشرینییەکان یان پاڵپشتی ئەم ڕەوتە ناڕازییە دەزانن، سەرکەون بۆ پەرلەمانی عێراق. ئەم نوێنەرایەتییە نوێیە کە هێشتا قەبارەی کۆتایی یەکلایی نەبووەتەوە یەکێکە لە پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی بەردەم خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق، بەرهەمی ئەو یاسای هەڵبژاردنەشە کە پاش دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە ژێر گوشاری خۆپیشاندەراندا گەڵاڵە کرا و تێپەڕێنرا (یاسای ژمارە 9ی ساڵی 2020).

کاندیدە براوە تشرینی و سەربەخۆ پاڵپشتەکانیان کە باس لە بەدەستهێنانی نزیکەی 25 کورسی دەکەن، هێشتا نەچوونەتە پەرلەمان کەچی پرسیار و پێشبینی جۆراوجۆر لەبارەی شێوازی کارکردنیان یەخەی گرتوون، پێنج مانگ بەر لە هەڵبژاردن (ئایاری 2021) چالاکڤانانی خۆپیشاندانەکان بەسەر تیرۆری یەکێك لە ناسراوترین ڕێکخەرانی خۆپیشاندان لە کەربەلا کەوتن کە ئیهاب وەزەنی بوو، لەپاش ئەوە لەبارەی بەشداری و بایکۆت بوون بە دووبەرەی سەرەکی، لایەنگرانی بەشداری پێیان وابوو سیستمی نوێی هەڵبژاردن دەرفەتە بۆ گەیاندنی نوێنەری خۆپیشاندەرانی ڕاپەڕینی تشرینی 2019  بە پەرلەمان و دروستکردنی یەکەم بەرەی ئۆپۆزسیۆن، ناڕازییەکانیش کە یەکێکیان "حزب البيت الوطني" بوو بەچەندین بەڵگە و شیکار هەوڵیان دەدا بیسەلمێنن رکابەرییەکەی هەڵبژاردن هاوتا نین و چەك و پارە و دەسەڵات هەر لەلای حیزبە دەسەڵاتدارەکانە، 10 ڕۆژ بەر لەهەڵبژاردنی پێشوەختە، مەرجەعی باڵای شیعە لە نەجەف عەلی سیستانی، داوای بەشداری کارای کرد لە هەڵبژاردن و چەند مەرجێکی بۆ دەنگدان بە کاندیدەکان دانا، ئەمەش بوو بە هاندەرێکی باش بۆ ڕێژەیەکی دیاریکراو کە دوودڵ و ساردبوون و لە بەشداریکردنی پرۆسەکە، سەرەنجامیش بڕێك چانسی بەخشی بە کاندیدە سەربەخۆ و تشرینییەکان لەسەر حسابی کاندیدە حیزبییەکان.

بەگوێرەی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردن، سەرجەم دەنگی بەدەستهاتوو لە ژێر ناوی سەربەخۆکان دەوروبەری دوو ملیۆن دەنگە، ئەمەش لە هەڵبژاردنێکدا کە کۆمسیۆن دەڵێت ڕێژەی بەشداری 41% ی دەنگدەران بووە، هەندێك لە خەمڵاندن و شرۆڤەی نافەرمیش بە دەوروبەری 30_35% مەزەندەی دەکەن، ژمارەیەکی کەم نییە. ئەم ئەنجامە لە دۆخێکدا بەدەستهاتووە کە بەشداربووە نوێیەکانی هەڵبژاردن لە گەنجانی خۆپیشاندەر و سەربەخۆ نەشارەزا و بێ ئەزموون بوون لە ئاست تەکتیك و شێوازەکانی هەڵبژاردن، تا دوا ڕۆژیش لە ژێر گوشار و ڕاڕایی دروستکردنی لایەنگرانی بایکۆتدا بوون. هەرچەندە دوو ملیۆن دەنگەکە سەرجەمیان سەربەخۆی ڕاستەقینە نین و هەندێك لەوانەی بەناوی سەربەخۆ بەشداربوون دەکرێت کاندیدی حیزبی بن (یەکگرتوو بە نموونە) یان پاش یەکلابوونەوەی ئەنجامەکان بچنە لیستی حیزبەکانەوە وەك ئەوەی هەندێ پەرلەمانتاری تۆمارکراو بە سەربەخۆ ڕایانگەیاند (بورهان مەعموری، مشعان جبوری، دیلان غەفور بە نموونە)، بەڵام ئەوە یەکلایە یەکێك لە ڕێکخستنەکانی تشرین (بزوتنەوەی ئیمتیداد) دەوروبەری 300 هەزار دەنگی بەدەستهێناوە، لە هەندێك پارێزگای باشووری عێراقیش (میسان و موسەننا) لە ژێر گوشاری کاندیدە سەربەخۆ و تشرینییەکان هێزە تەقلیدییەکانی شیعە 250 هەزار دەنگیان لەدەست داوە، لە پارێزگایەکی وەك بابلیش 30% دەنگەکان بۆ تشرینی و سەربەخۆکان ڕۆشتووە.

قەبارەی تشرینییەکان هەرچەندێك بێت، ئیزافەیەکی نوێیە لە ڕووی جۆرایەتییەوە بۆ پەرلەمانی داهاتوو، بەڵام بەر لەوەی بچنە ناو تەلاری پەرلەمان گرەوی جۆراوجۆر هەیە لەسەر توانای خۆڕاگری پەرلەمانتارەکانیان و توانای بەرەنگاریکردنیان بەرامبەر هێزەکانی ناو دەوڵەت، ئەمە جگە لە کێشەی ڕێکنەکەوتنی تشرینییەکان خۆیان و فرەجەمسەری و زۆری سەرکردەکانیان، ئەمەش سروشتی هەموو ئەو هێزانەیە کە خاوەن ڕێکخستنێکی تۆکمە نین و زیاتر لە ڕەوت و تەوژمی جەماوەرییەوە نزیکن.

هەندێك لە چاودێر و دۆستەکانی تشرین لەوانەش فایەق شێخ عەلی بە ئاشکرا باسیان لەوە کردووە هەندێك لە تشرینییەکان لەبەردەم قولاپی چەوری لیست و حیزبە گەورەکان ناتوانن خۆیان بگرن، هەندێکی تر پێیانوایە هەرچەندە بەهێزبن و خاوەن دیدگابن لە کۆتاییدا کاریگەری و بڕیار هەر لە دەستی ئەو هێزانەدا دەبێت کە خاوەنی چەك و پارەن و جومگەی گرنگی دەوڵەتیان لەدەستە و نەدەبوو تشرین ببێتە کوتلەیەکی دیاریکراو لە پەرلەمان و دەبوو دەنگی ناڕازییەکان و شەقام بوایە لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی، بەڵام تشرینییە

سەرکەوتووەکان لای خۆیانەوە باس لەوە دەکەن یەکەم فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە دروست دەکەن، بە هەموو تواناشیان بەرەنگاری حکومەتی هاوپشکی دەوەستنەوە، لەمەش گرنگتر بە بنەما و پرەنسیپەکانی خۆپیشاندانی تشرینەوە پابەند دەبن کە زۆرێك گەیاندوویانەتە ئاستی شۆڕش، ئەوانیش بریتین لە گێڕانەوەی شوناسی نیشتمانی لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون و بەگژاچوونەوەی ئەو گەندەڵییەیە کە بووەتە گەورەترین سەرەخۆرە بۆ وڵات.

ئەوانەی لە تشرینەوە نزیکن ئامۆژگارییان دەکەن پەڕۆیەك لە بزوتنەوەی گۆڕانی کوردستان دادڕن و نەکەن بچنە ناو کابینەی حکومەت، چونکە ئەمە وایان لێ دەکات بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو پاشەکشەی گەورە بکەن، ئەمانە باس لەوە دەکەن جەماوەری ئەوان بۆ رکابەری و رەخنەگرتن و ئۆپۆزسیۆن بوون ئەوانیان سەرخستووە بۆ پەرلەمان نەك بەشداریکردن لە کێکی دەسەڵات، بەپێی گوتەی هەندێك لە سەرکردەکانی رەوتی تشرینیش ئەوان لەپاش هەڵبژاردن، بە دوو ئاراستەی تەریب کاردەکەن؛ یەکێکیان کارکردنە لەناو پەرلەمان وەك فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن، ئەوی دیکە بەردەوامی کارکردنە لە شەقام و لەم بوارەشدا "حركة امتداد" و "حزب البيت الوطني" هەندێ گفتوگۆیان کردووە، ئەو زانیارییانەشی لە کۆبوونەوەکە دزەیان کردووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کاری پەرلەمانی بە سەرۆکایەتی "ئیمتیداد" بێت و هێزەکانی تریش لە شەقامەوە خەبات بکەن بۆ ئەوەی هەردوولا بتوانن شورەیەك بۆ ئەم نوێنەرایەتییە پەرلەمانییە دروست بکەن کە هێشتا نوێیە و لەلایەك خۆی کێشەدارە و لە لاکەی دیکە هەوڵی زۆر هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی، جگە لەوەش خۆی لە بنەڕەتەوە دوژمنی راستەوخۆشی هەیە کە جگە لە هێزە چەکدارەکان حیزبەکانی هاوپشکی و پارێزەری سیستمی سیاسی ئێستای عێراقن.